کژار

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

نیشتمان یەکێک لە نرخە هەرە پیرۆزەکانی هەر مرۆڤێکە. هەربۆیەش کاتێک هێزێکی دەرەکی، یاخود داگیرکەرێک هێرش بکاتە سەر نیشتمان، مرۆڤەکان بە هەموو بوون و نەبوونیانەوە بەرەنگاری دەبنەوە. هەر کەس بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆی دەبێتە فیداییەک. ژن و پیاو، پیر و منداڵ، هەر یەکە بە ڕادەی توانای خۆیان لە پاراستنی نیشتمان بەشداری دەکەن. چونکە نیشتمان بەشێک لە ناسنامەی مرۆڤەکانە.

بۆ نموونە کاتی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، بە هۆی ئەوەی هێزی سەربازی فەرمی ئێران توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەرتەشی عێراقی نەبوو، ڕژێمی تازە سەر کار هاتووی ئێران، لە ژێر پرۆپاگەندەی پاراستنی وڵات لەبەرانبەر دوژمن، هێزێکی لە خەڵک ئامادە کرد و چوونی ئەو هیزە بۆ گۆڕەپانی شەڕ توانی ئەنجامی شەڕ بگۆڕێت. لەم کاتە دا ئیتر خومەینی هەر وەک چۆن شۆڕشی گەلانی بەرەو ئامانجەکانی خۆی ئاراستە کرد و دواتر داگیری کرد، پیلانی بە کار هێنانی گەنجانی داڕشت و هەستی نیشتمان پەروەری خەڵک و بە تایبەت گەنجانی بەکار هێنا بۆ ئەوەی لە پێش ئەرتەشەوە حەرەکەت بکەن. هەر بەوەوە نەوەستا و تەنانەت منداڵانیشی ڕەوانەی جەرگەی شەڕ کرد و لەژێر ناوی فیدایی بوون بۆ ناوەڕاستی مەیدانی مینیان بەڕێ دەکردن. بە شێوەیەک کە بە پێی ئامارەکانی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران لە شەڕی ٨ ساڵەی لەگەڵ عێراق ٥٥٠ هەزار قوتابی بەسیج لە ناو شەڕ دا، بەشداریان کردووە کە زیاتر لە ٣٦ هەزار لەو قوتابیانە گیانیان لەدەست داوە.

لەو کاتە دا بەشداری کردن لە بەسیج لەبەر ئەوەی لەژێر بیانووی پاراستنی نیشتمان بوو، لەناو زۆر کەسدا وەک شانازییەک سەیری دەکرا. چونکە ئەرک و هەستی خۆپاراستنی مرۆڤەکان لە بەرامبەر هێزی دەرەکی، دەبێتە هۆی یەکگرتن و وەک پێویستیەکی بە بایخ سەیری دەکرێت. ڕژیمی تازە پێ گەییشتووی خومەینیش بە کەڵک وەرگرتن لەو هەستە، توانی ئەرتەشێکی گەورە لە ژێر ناوی سپا و بەسیج پێک بێنێت. بەڵام زۆر درێژەی نەخایاند و ڕووی ڕاستی ڕژیم و پرۆپاگەندەکانی دەرکەوت و ئێستا بە هۆی ئەوەی بەسیج بۆ بەرژەوەندی کەس یا

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان



کەسانێکی ناو دەسەڵات بە کار دێت و بەسیجیەکان هەموو جۆرە سەرکوتکاری، بێ‌ڕێزی و سووکایەتی بە خەڵک دەکەن، بەشداری لە بەسیج یەکێک لە ناشیرینترین و تەنانەت بێ ئەخلاقترینی ئەو کارانەیە کە تاک ئەنجامی دەدات.
لەم بابەتەدا ئەمانەوێت هەندێک باس لەوە بکەین کە راستی بەسیج چیە و بەسیجی کێیە؟ چ کەسانێک بەشداری لە بەسیج دا دەکەن؟ بە چ ڕێگەیەک گەنجان پەلکێشی ناو بازنەی گەندەڵی بەسیج دەکرێن؟ بارودۆخی ژنان لە ناو بەسیج و هەندێ رەهەندی جیاواز دەخەینە بەر باس و گفتوگۆ. هەر چەندە کە ڕووی ڕاستەقینەی بەسیج بۆ هەر کەسێک دەرکەوتووە، بەڵام پڕۆپاگەندەی لەڕادەبەدەری ڕژیم بۆ بەسیج و دانانی دەرفەتی مادی و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بەسیجیەکان، هەروەها بە کارهێنانی ڕێگە جۆراوجۆرەکانی راکێشانی خەڵک بۆ ناو بەسیج، ئەبنە هۆکاری ئەوەی گەلێک جار تاکەکان بکەونە داوی بەسیجەوە. بەو هۆیەوە ئەمانەوێت بە پێی توانامان بە خستنە بەر باسی ئەم مژارانە هەوڵبدەین ڕوونکردنەوەیەک زیاتر بە کۆمەڵگا، بەتایبەت بە گەنجان و ژنان پێشکەش بکەین.
سەرەتا باشترە باس لەوە بکەین کە بەسیج چیە و بەسیجی کێیە؟ بەسیج هەم وەک وشە، هەم وەک دەستەواژە واتای جۆراوجۆری هەیە.

### بەسیج وەک وشە و دەستەواژە:

١) ئامادە بوون، ئامادە کردن
٢) بار کردن بۆ گەشت
٣) ئامێر، کەل و پەل
٤) نیاز، ئامانج، خواست، ئیرادە
٥) ئامادە کردنی هێزی سەربازی و ئامرازەکانی شەڕ



لە دەستەواژەش دا بە واتای: هێزی خۆبەخشی گەل و ئامادەگییان لە بارودۆخی شەڕ و پاراستن دا، بە مەبەستی بەرگری لە نیشتمان و نرخەکانیانە. کەسی بەسیجی بە پێی کارنامەی چەند ساڵەی ڕژیمی ئێران، دەبێتە ئەو کەسە کە تەواوی مەرجەکانی ڕژیمی پەسەند کردووە و لە بەرامبەر ئەو فرمانانەی کە پێدەدرێن، ناچارە ملکەچیان بێت و بە باشترین شێوە بە ئەنجامیان بگەیێنێت.

هەر وەک باسمان کرد، بەسیج وەک وشە، هاوکات وەک دەستەواژە، چەندین واتای هەیە. بەڵام لە زمانی ڕۆژانە لە ناو خەڵکدا بەو چەشنە بە کار نایەن. بەڵکوو هەموو کەس کاتی بیستنی وشەی بەسیج، تەنیا یەک شتیان دێتەوە بیر: کۆمەڵێک کەسی بە ڕێکخستن کراو کە بە ئیرادەی خامنەای بە ڕێوە دەچن کە ئامادەن بۆ بەرژەوەندی و پێکهاتەی حکومەتی خامنەای هەر جۆرە تاوانێک ئەنجام بدەن.

بازنەی دەسەڵات بۆ هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە بەسیج، پێناسەی فریودەرانە و بریقەدار بە کار ئەهێنیت. بۆ نموونە خامنەای سەبارەت بە بەسیج دەڵێت: کۆمەڵێک لە پاکترین مرۆڤەکان، فیداکارترین و ئامادەترین گەنجانی وڵات، کە لە ڕێگەی ئامانجەکانی وڵات و گەیاندنی خەڵک بە خۆشبەختی، لە یەک کۆبوونەتەوە. ئەمە لە کاتێک دایە کە هەر کەس دەزانێت، ئەم ڕێکخراوە بۆ ڕێکخستن، پەروەردە و بەکارهێنانی خەڵک لە راستای بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ڕژیمە، بە دەستی خەڵک بۆخۆی. تەواوی ئەوانەی کە ڕژیم بۆ بەسیجی بوون باسیان لێ دەکات، تەنیا پڕۆپاگەندەیەکی درۆیە بۆ ئەوەی گەنجان پەلکێشی ناو ئەو ڕێکخراوە دزێوە بکات.

بەسیج لە ڕاستیدا هێزێکی سەرکوتکەرە کە لە بەرامبەر خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ناڕازی بە کار دەهێنرێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی هێزە یونیفورم دارەکانی ڕژیم بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە سەرکوت کردنیان دا دیار نەبن. لە ڕاستیدا بەسیج و بەسیجی بوون ڕێبازێکی بە سیستەم کراوی دەسەڵاتە کە بە دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ ورەی کۆمەڵگە دەروخێنێت و دەیکوژێت. بە ڕاکێشانی تاکەکان



و بەتایبەتی لاوان بۆ ناو ئەم سیستەمە، دەیەوێت کەسایەتیەکی بێئیرادە و گوێڕایەڵی خۆی ئاوا بکات. خامنەای و کاربەدەستانی ڕژیم بە پێناسەکانیان، ڕوویەکی ئەخلاقی و یاسایی بە بەسیج دەدەن و لەم ڕێگەوە پەرە بە دیاردەی دژە کولتووری و دژە ئەخلاقی بەسیج دەدەن و دەیانەوێت بەشداری کردن لە بەسیج لەناو کۆمەڵگە ئاسایی بکەنەوە. ئەم هێزە سەرکوتکەرە بووەتە هۆکاری پێک هاتنی بارودۆخێکی ملیتاریستی و تێکدەری ئاسایشی خەڵک، لە تەوای فەرمانگەکان، کارخانەکان، زانکۆکان و تەواوی ناوەندە کۆمەڵایەتی، پیشەیی و ئیداریەکاندا. واتا هێزێکی سامناکی دژی گەلە کە جەسارەت و ئیرادە لە ناو دەبات و دەنگی ناڕازی کپ دەکاتەوە.

لە بەردەوامی بابەتەکەدا باس لە ڕەهەندەکانی کردەوە دژە مرۆڤایەتی و سەرکوتکاریەکانی هێزەکانی بەسیج، لە بەرامبەر گەل دەکەین:

لە ئامارێک دا دەوترێت کە لانیکەم ٣٠٤ کەس کە لەوان ٢٣ کەسیان منداڵ و ١٠ کەسیان ژنن، لە ڕۆژانی ١٥ تا ١٩ی نوامبری ٢٠١٩ لە ٣٧ شاری ئێران بە دەست بەسیجیەکان کوژراون. ئەمە لە کاتێکدایە کە لێکۆڵینەوەکانی چالاکانی ڕاگەیاندنی ئازاد، شایەتحاڵان و هەروەها ئەژماری زیان پێ گەییشتووەکانی سەرهەڵدانەکان، ئەژمارێکی زۆر زیاتر ئەخەنە بەرچاو.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ڕاپۆرتێکی لەسەر ناڕەزایەتیەکانی ئابانی ٩٨ پێشکەش کردبوو کە تێدا باس لە « دەستدرێژی سێکسی، بێ سەرو شوێن کردن، ئەشکەنجە و زۆر هەڵسوکەوتی دزێوتر» بە دەستی هێزە بەسیجیەکان بۆ سەر ناڕازییەکان کرابوو.

هەروەها نابێت ئەو کەسانە کە لە ئەنجامی ناڕەزایەتیەکانی ساڵی ٨٨ لە ئێران ڕووبەڕووی لێدان و توندوتیژی لە سەر شەقامەکان و ناو زیندانەکان بوونەوە، گازی فرمێسک ڕێژ لە بەرانبەریان بە کار هێنرا و هەروەها کوشتنی ئەژمارێکی زۆر لە خۆپیشاندەران لە ڕێگەی تەقەی ڕاستەوخۆ و فڕێ دانیان لە سەر پردەکانەوە یا ئەو کەسانەی کە دەکەوتنە ژێر تەگەری ماشێنەکان و هەروەها

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەوانەی لە زۆر ڕێگەی هۆڤانەی ترەوە دەکوژران، لەبیر بکەین. هەر چەند ئامارێکی فەرمی لەبەر دەست دا نیە، بەڵام بە پێێ لێکۆڵینەوەکان نزیک بە ٨٠ کەس لە ئەنجامی ئەو خۆ پێشاندانانەدا کوژران.

بەسیج لقێک لە ڕێکخراوێکی سەربازی و سرکوتکەر بەناوی سپای پاسدارانە لە ژێر دەسەڵاتی پایەداران و دەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەموو کات بە پێی داخوازی و بەرژەوەندی خۆیان بە کاری دێنن. ڕێکخراوی بەسیج مسفضعفین کە پێشتر بە ناوی نیروی مقاومت بسیج دەناسرا لە ٥ی ئازەری ١٣٥٨ لە ژێر دەسەڵاتی سپای پاسداران، بە فەرمانی خومەینی دامەزرا. بە پێ ماددەی ١٣ی یاسای دیسپلینی دامەزراندنی سوپای پاسداران، بەسیجی ئەو کەسەیە کە خۆبەخشانە لەپێناو بە قسەی خۆیان گەشەدانی ئەرتەشی ٢٠ میلیۆنی، بەشداری ئەو ڕێکخراه بووە. ڕێکخراوی بەسیج چەند بەشی هەیە کە بریتین لە:

- بەسیجی قوتابی(قوتابخانە)
- بەسیجی خوێندکار(زانکۆ)
- بەسیجی کۆمەڵگەی پزیشکی
- بەسیجی کۆمەڵگەی ئەندازیاران
- بەسیجی مامۆستایان
- بەسیجی وەرزشکاران
- بەسیجی ڕاگەیاندن
- بەسیجی خوشکان
- بەسیجی ئیدارە و فەرمانبەر
- بەسیجی مزگەوت و گەڕەکەکان
- بەسیجی روحانیان
- بەسیجی پیشەوەران
- بەسیجی سایبێری
- بەسیجی کارخانە و کۆمپانیەکان
- بەسیجی تایبەت لە دەرەوەی سنوورەکان
- ڕێکخراوی ئۆردوویی، راهیان نور

چ کەسانێک بەشداری لە بەسیج دا دەکەن:

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لە سەرەتا دا و لە دەهەی ٦٠ تاکەکان زۆرتر لەژێر ناوی بەرگری لە ڕژیم و بە وەهمی خۆیان پاراستنی وڵات بەشداری بەسیجیان دەکرد. هەر چەندە کەسانێک بە ئارمانجیتریش بەشدارییان کردبێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ زۆرینەی بەشداربووان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو پڕۆپاگەندەیە بوو کە ڕژیم دەیکرد و گوایا بەشداری لە ئەرکی پاراستنی ئیسلام و ئێرانە. لە دەهەی حەفتا دا، ئیدی بەسیجی بوون ببوو بە ڕێگەیەک بۆ دەرچوون بۆ زانکۆکان و هەر لەبەر ئەوە گەلێک کەسی لاواز بۆ بەهرە وەرگرتن و گەیشتن بە هەندێ بەرژەوەژندی شەخسی کەوتنە کێ بڕ کێ و خۆماندوو کردن تا وەک پردێک بە بەشداری لە بەسیج و قازانج کردنی ئەو ئێمتیازانەی کە ڕژیم دانابوون بۆ بەسیجی بوون بگەن بە نان و ئاوێک. لە ئەنجام دا لە هەشتاکان دا بەسیجی بوون، ببوو بە ئامێرێک بۆ گەیشتن بە ئیمکاناتی مادی و هەروەها گەیشتن بە جێگە و پێگەیەک لە دەسەڵاتی نێو سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

زۆرینەی ئەو کەسانەی کە بەشداری لە بەسیج دا دەکەن، لە چینی پەراوێزخراوی کۆمەڵگەوە دێن کە جێگایەکی کۆمەڵایەتییان لەناو کۆمەڵگادا نییە و زۆربەی هەرە زۆریشیان کەسانی دەست کورت و هەژارن. کەسانێکن کە کێشەگەلێک وەک کێشەی خێزانی، دەستکورتی، بێکاری، قوربانی توند و تیژی ناو بنەماڵە، اعتیاد و فەحشا بەرۆک گیریان بووە. ڕژیم بە شێوازێکی سیستەماتیک قەیرانی کەسایەتی و شوناسی، تێکدانی کەسایەتی و لاوازی لە تاک دا ئاوا دەکات و هاوتەریب لە گەڵ ئەم خاڵە لاوازانە، بەڵێنی درەتانی مادی و مەعنەوی دەدات و دواجار تاک گیرۆدەی ئەو بەستێنەی کە ئاوای کردووە، دەکات و پەلکێشی ناو بازنەی بەسیج دەکات. بۆ نموونە تاکێک کە خاوەن هیچ هێزێک لە کۆمەڵگە دا نیە و زۆر کۆمپلێکس و خەسڵەتی نائاسایی تێدا پێک هاتووە؛ هێزی هەر هەڵسوکەوتێکی توندئاژوانە، تا بگات ئێختیاری لێدان و برینی پێ دەدەن. ئەم تاکە لەو پرۆسەیە دا کە ڕژیم بۆی ئامادە کردووە، وەک گورگی نێو کۆمەڵگەی



لێ دێت. ئەم هێزە سەرکوتکارە هەر کەس کە نارەزایەتیەک لە بەرانبەر دەوڵەتی داگیرکەری ئێران نیشان بدات، بە ئاسانی لە ژێر ناوی فاسد، بێ ئیمان، بێ دین هەر جۆرە هەڵسووکەوتێکی سەرکوتکارانە لەبەرانبەری رابەر دەکات.

هەروەها ڕژیمی ئیسلامی ئێران بۆ یەک دەست و یەک ڕەنگ کردنی خەڵک و ناچارکردنیان بە ژیانێک لەو چوارچێوە کە خۆیان دیاریان کردووە، پێویستییان بە کاسانێک هەیە کە وەک داردەستی خۆیان بەکاریان بێنێن. ئەم داردەستەش هەر ئەو کەسانەن کە دەبنە هێزی بەسیج و بە وردی باسمان لێ کرد.

لە ڕۆژی ئەمڕۆمان دا زۆربەی کەس بۆ دەرچوونی بی ئەزموون و بێ لەمپەر بۆ ناو زانکۆکان و بۆ گەیشتن بە پارەی زۆر، هاوکات بۆ تێپەڕین لە هەموو بەربەستەکانی دامەزراندن لە سەر کارێکی ئیداری و دەوڵەتی، کەم کردنەوەی کاتی سەربازی و تەنانەت بۆ وەرگرتنی یارانە، لە بەسیج دا بەشداری دەکەن. ڕژێمی ملیتاریستی ئێران بۆ بەشدار کردنی گەنجان و بە تایبەت ژنان لە هەر هەرێمێک و لەناو هەر نەتەوەیەکی بندەست، سیاسەتێکی تایبەت بە ڕێوە دەبات و ڕۆژانەش هەوڵ دەدات ئەو سیاسەتانە تازە بکاتەوە و کاریگەرییان زیاتر بکات. بۆ نموونە ئەو ڕێبازانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن هەموویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەندێک لە هەرێمەکانی تر وڵامدەر نابن. لەبەر ئەوە ناچارە بە پێی تایبەتمەندی هەرێمیەکان ڕێبازی جیاواز بە کار بێنێت.

ترس، هەستێکی ناخۆش، بەڵام ئاساییە و یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤە کە بۆ بەردەوامی ژیان کاریگەرە. دەسەڵات بە ڕێگەی زیندان، ئەشکەنجە، سێدارە و ئامووەرەکانیتری تۆقاندن، خەڵک دەترسێنن. ناچاریان دەکەن کە بە خواستی دەسەڵات هەڵسوکەوت بکەن. بە تایبەتی لە ڕێگەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتەوە تاکەکان پەلکێشی ناو بەسیج دەکەن و بە بیانووی ئەوەی کە ئەگەر کارتی بەسیجیان نەبێت لە تەواوی قۆناخەکانی ژیان وەک رۆیشتن بۆ زانکۆ و دۆزینەوەی کار، بەربەستیان بۆ دروست دەبێت، هەوڵدەدەن پەرە بە سیاسەتی بەسیجی کردن بدەن.

ئەم سیاسەتە قێزەونە لە سەر ئەو بنەماڵە وڵات پارێزانەی کە کچ و کوڕەکانیان بەشداری لایەنە دژبەرەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران بوون، زۆر وردتر و جیاوازتر بە ڕێوە دەچێت. سیستەمی بەسیج ئێستا لە وەها بارودۆخێک دایە کە ناچار بووە ڕێکاری جیاوازتر بە کار بێنێ و رۆژبەدوای رۆژ تاکتیکی قێزەونتر تاقی دەکاتەوە. بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرە بە فەحشا، خۆفرۆشی و کولتوورێک لە دژی کولتووری بەرخۆدانی چەن هەزارساڵەی کورد دەدات و دەیەوێت بە جێگەی کولتوری بەرخودان کە ریشەیەکی قووڵی لە کوردستان هەیە، کولتوری بندەستی و خۆ ڕادەستکردن پێش بخات.

لە پەرتووکی «ئاوێنەی مەرگ» شەڕی تایبەتی ئێران لە سەر گەلان بە وردی باس کراوە و ئێوە خوێنەرانی بەڕیز دەتوانن بۆ زانیاری زیاتر و تێگەیشتنی وردتر لە سیستەم و بنەمای عەقڵیەتی بەسیج، ئەم پەرتوکە بخوێننەوە.

## پەلکێش کردنی ژنان بۆ ناو ناوەندەکانی بەسیج

ڕێکخراوی «بسیج جامعه زنان» لقی ژنانی بەسیجی موستەزعەفینە. ئەم ڕێکخراوە سەرەتا ناوی بەسیجی خوشکان بوو و هەر لە سەرەتای پێک هاتنی بەسیجی موستەزعەفین دەستی بە کار کرد، کە لەم ساڵانەی دوایی دا ناوی بۆ بەسیجی کۆمەڵگەی ژنان گۆڕا. ئەمە لە کاتێک دایە کە لە ناو ڕژیمیش دا کەسانێک هەن کە بوونی ژنان لە ناو ڕێکخراوی بەسیج لە دژی ئامۆژگاریەکانی ئیسلام دەزانن، بەڵام بە هۆی ئەوەی ژنان بەم شێوە زۆر زیاتر ئەتوانن خزمەت بە ئامانجەکانی ڕژیم بکەن، بە کاریان دەهێنن. هەر لە سەر ئەو بنەمایە ژنان دەخەنە ناو پرۆسەی لە ناوبردنی جەوهەری مرۆڤانە و رەوشێکی رۆحی و زێهنی کە ناکۆک لەگەڵ جەوهەری ڕاستەقینەی ژنانە. چونکە ڕژیم ئەوە باش دەزانیت کە ژنان هێزی کاریگەر و تەنانەت دیاریکەرن لە ناو کۆمەڵگە دا.

بەسیجی ژنان لە هەر پارێزگایەک نوێنەرایەتی هەیە کە ئەویش لقی خۆی لە هەموو شار و دێهاتەکانی پارێزگا ڕێک خستووە. مینو ئەسلانی سەرۆکی ئێستای بەسیجی ژنانە کە هەژماری ژنانی بەسیجی زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەس ڕاگەیاندووە. هەروەها ڕایگەیاندووە کە بەشێکی زۆر لە ژنانی بەسیج لە ژنانی ماڵەوە کە لە هیچ شوێنێک کار ناکەن، پێک دێن. بە پێی ئامارەکانی ئەوان زیاتر لە ٥٠٪ ژنانی تاران ئەندامی بەسیجن. تەمەنی زۆربەی ژنانی

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ئەندامی بەسیج لە نێوان ١٨ بۆ ٣٦ ساڵە. هەر چەند ئەوانەی کە لە سەرەتای بەسیجەوە ئەندامن، بێگومان تەمەنیان لەوە زیاترە. بەڵام لەم دواییانە بەسیج زۆرتر هەوڵی بەشدار کردنی کچانی گەنج و مێردمنداڵ دەدات. ئەویش وەک باسی لێ کرا بە ڕێگەی فریودەرانەوە وەک بەڵێنی دەرچوون بۆ زانکۆکان یا دامەزراندن لە سەر کاری دائیم بۆ ناو ڕیزەکانی بەسیج ڕایان دەکێشی. هەروەها زۆربەی ئەژماری ژنانی بەسیجیش لەو ژنانە پێک دێت کە هاوسەرەکانیان لە بەشی نیزامی دا کار دەکەن یا خود کارمەندی دەوڵەتن. چونکە بە پێی یاساکانی ڕژیمی ئێران ئەو ژنانە ناچارن وێڕای هاوسەرەکانیان ببن بە ئەندام لە ناوەندەکانی بەسیج دا. ئەمەش یەکێک لە ڕێبازەکانیانە بۆ پەلکێش کردنی ژنان بۆ ناو سیستەمی بەسیج.

دەوڵەتی داگیرکەری ئێران هێزی ژن باش دەناسێت و خومەینی لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ دا زۆر ڕوون و ئاشکرا هێز و توانای ژنانی بۆ دەرکەوت. ڕژێم لە هەر ڕێکارێک، تەنانەت سەرکوتیش بۆ بەشدارکردنی ژنان لە ناو سیستەم دا کەڵک وەردەگرێت، بۆ ئەوەی هێزی ژنان کە بەردەوام وەک هەڕەشەیەک بەرامبەر خۆیان دەیبینن، بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ڕژێم هەوڵدانێکی زۆری دا بۆ ئەوەی هەر بەم ڕێکارانە، هەموو کۆمەڵگا بە پێی دڵخوازی خۆی ڕواڵەت بدات. هەتا ڕۆژی ئەمڕۆشمان ئەم هەوڵدانانە بۆ لەناو بردنی هێزی ژنان بە شێوەیەکی تایبەت و چڕتر بەردەوامە.

ژنان لە هەموو قۆناخە مێژوویەکانی ئێران و کوردستان ڕۆڵی پرشکۆیان هەبووە. شان بەشانی پیاوان تێکۆشاون و زۆر جاران پێشەنگایەتیان لە پێشبردنی هەنگاوە دیموکراتیکەکان کردووە. گەلێک جاریش هێزی ژنان لەلایەن کۆماریئیسلامی بەکار هێنراوە، بۆ نموونە لە شەڕی ئێران و عێراق گەلێک جار کەڵک لە هێزی ژنان وەرگیراوە. هەر چەند کە زۆر باسیان لێ ناکرێت، تەنانەت زۆرێک لە ژنانی کە لەو شەڕە دا کوژران وەک پیاوە کوژراوەکان باسیان لێ نەکراوە

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

و ناویان نازانرێت. لە کاتێک دا بە پێی ئامارەکانی خودی دەوڵەتی ئێران نزیک بە ٧ هزار ژن لەو شەڕە دا گیانیان لەدەست داوە، بەو واتایە تەنانەت ژنانی ناو خودی جمهوری ئیسلامی کە ڕۆڵیان گێڕاوە و کاریگەریان هەبووە، پەراوێز خراون. هەر چەند لەم چەند ساڵەی دوایی دا ڕژیم بە مەراسیمی بەبیرهێنانەوەی جۆراوجۆر هەوڵ دەدات کەس و کارای ئەم ژنانە بخەڵەتێنێ و زیاتر بیانخاتە ناو سیستەمی خۆی، بەو مەبەستەش جارناجار ئاماژەیان پێ دەکات.



کەس ناتوانێت حاشا لەوە بکات کە ڕژیمی سێدارەی ئێران هیچ دەرفەتێک بۆ هێز و ئیرادەی ژن ناهێڵێتەوە. چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبێت ژنان هەمیشە لە بن سێبەری پیاو دا بن. سەرەڕای هەموو ئەوانەش بۆ پەرەدان بە کاروباری خۆیان و چۆک دادان بە گەل ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیان وەک - خوشکانی زەینەب و خوشکانی فاتمیە - دامەزراند. دواتر ئەم چالاکیانەیان پەرەی سەند و زانکۆی نیزامی، سیاسی – ئایدۆلۆژی تایبەت بە ژنانیان دامەزراند. بۆ نموونە زانکۆی حەزرەتی مەعسومە و ڕوقەیە، بەشێکی گەورە لە پیلان و پرۆژەی ئایدۆلۆژی ڕژیم بۆ ژنانە. ئەم ژنانە وەک ئامرازەکانی زەخت و توند و تیژی لە بەرامبەر ژنان و گەنجان بە کار دەهێنرێن و وەک هێمای ژنێکی باش و نمونە دەناسێنرێن. لە ڕاستیدا ڕژیم بەو زنجیرە چالاکیانەی هەوڵی پووچ کردنی باندۆڕی گەشەسەندنی چالاکیەکانی ژنانی کورد کە لە سەر بنەمای پاراستنی جەوهەری بەڕیوە دەچن، دەدات. ئەم ژنانە بە گەشە کردن لە ناو ئەو قۆناخانەی کە ڕژێم بۆی دیاری کردوون و هەروەها دوای بە دەست هێنانی باوەڕی ڕژیم، وەک سیخوڕ بە ناوی « پەرەستوو» کاری سیخوڕی ناوخۆیی و دەرەکیان بە ئامانجی تێک بردنی حیزب، کەسایەت و تەڤگەرە چالاکەکان و ئازادیخوازان و هەروەها دەوڵەتانی تر، پێ ئەنجام دەدەن. ڕژێم هەوڵ دەدات ژنان لە بن چاودێری ڕاستەوخۆی سیستەم دا بن و بە پێی دڵخوازی خۆیان پەروەردەیان بکەن. لەڕاستیدا بە هۆی ئەوەی ژنان لە کۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەیە و کۆمەڵگە بە دەست ژنان پەروەردە دەکرێت، ئەم پرۆژانە تا ڕادەیەک کارئاسانی بۆ ڕژیم

دەکات.
بەسیجی خۆشکانی زێنەب و فاتمیە زیاتر لە ١٠ هەزار بنکەیان لە چوارچێوەی ئێران دا هەیە. دەرەوەی ئەوانەش لە تەواوی ناوەندە پەروەردەیی و کولتووریەکان وەک ڕێکخراوەکان، زانکۆکان، ئیدارەکان و کارخانەکان دا بە شێوەیەکی سیستەماتیک کار دەکەن.
ئەم ڕێکخراوانە دروستە کە لە ڕواڵەت دا هی ژنانن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ژن تەنیا بە جەستە بوونیان هەیە و وەک زیهنیەت، ئەو ژنانە نوێنەری زیهنیەتی پیاوسالارن و بە سیستەمی پیاو سالاری بە ڕێوە دەچن. هەر لەبەر ئەوە ئەو ژنانە گەورەترین چەکی ڕژیمن کە لە بەرامبەر ژنانی ئازادی خواز و نیشتمان پەروەر و بە ئەخلاق بە کاریان دەهێنێت و دەست بە شەڕی ژن لە بەرامبەری ژن دەکات. ڕژیمی داگیرکەری ئێران ئەو ژنانە لە ڕێگەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتەوە پەروەردە دئەکات و پەرە بە بێ ئەخلاقی هەری گەورە دەدات لە ناو کۆمەڵگە دا. دواتر بەسیج وەک پۆلیسی ئەخلاق بە ناویان دەکات و لە بەرامبەر کۆمەڵگە بە کاریان دەهێنیت. لە ژێر ناوی ئەخلاق لە هەر شوێنێک، کۆڵان و شەقام و لە ناو ماشین و میترۆ و هەر جێگەیەک کە ژنی لێ بێت، بە ناوی جۆراوجۆر بە بیانووی بێ حیجابی هێرش دەکەنە سەر ژنانی تر. ئەمە لە کاتێک دایە کە گەورەترین بێ ئەخلاقی لە لایەن ڕژیمەوە بە ڕێوە دەچێت و ژن لە هەبوون و زیهنیەتی خۆی دوور ئەخات و لە بەرامبەر یەک بە کاریان دەهێنێت.
لە ئەنجامی کۆمەڵگەیەکی ڕەگەز پەرەست، نایەکسان، ئاڵۆز و دیکتاتۆر کە تیایدا دینێک لەوی تر باشترە و چینی دیندار لە سەرووی هەمووانە، کۆمەڵێک کەسی بێکار و دەست کورت کە تەنانەت توانای پارەی قوتابخانەکان و زانکۆکانیان نیە بەدی دێت. کەسانی ناو ئەم کۆمەڵگەیە کاتێک ڕێگە چارەیەک بۆ خۆ نادۆزنەوە تووشی کێشەی دەروونی وەک خۆ بچوک دیتن و کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەبن. تەنانەت کاتێک چینی سەردەست کە خۆیان لەوان بە سەرووتر دەزانن هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکیان لە بەرامبەرا دەکەن، هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەستی خۆ بە بچووک دیتن پێیان دەست بدات و لە سەر کەسایەتییان کاریگەری دابنێت.
ڕژیم بە جێگەی ئەوەی کۆمەڵگە لەو ڕەوشە ڕزگار بکات و دەرفەتێک بۆ ئەوانەی کە دەست کورتن ئامادە بکات، ئەیانخاتە خزمەتی خۆیەوە

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



و ئەم کەسانە لە پێناو گەیشتن بە ماڵ، پارە، هێز و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تەنانەت بێ ئەوەی بزانن بەشداری لە چیدا دەکەن، بەرەوە هێزی تاریکی بەسیج دەچن. خزمەتکارانی ڕژێم لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە خۆ دەگەیەنن بەم کەسانە و دەیانخەنە خزمەتی خۆیانەوە بۆ ئەوەی هەر کارێکیان پێ ئەنجام بدەن. لە کاتێک دا کەس نیە لە کاتی ڕوودانی هیچ ڕەوش و حاڵەتێکی ڕووخێنەر بۆ ئەم کەسانە، ئاوڕێکیان لێ بداتەوە.

یەک لە سیاسەتە قێزەونەکانی ئێران ئەوەیە کە زۆربەی کاتەکان، کردەوەی نامرۆڤانەی تیرۆر ئەنجام دەدات و دواتر بە بێ شەرمیەوە ئەیخاتە ئەستۆی کەسانێک یا گروپگەلێک گوایا دەرەوەی خواست و کونترۆڵی ئەو ئەنجامی گرتووە و دواتر بانگەشەی سزادانیان دەدات. ئەگەرنا بە هیچ شێوەیێک لە سیستەم گەلێک وەک کوماری ئیسلامی، کەسێک یا گروپێک ناتوانێت سەربەخۆ دەست بەو کردەوە قێزەونانە بدات و هەمووی لە ژێر کونترۆڵ و خواستی خودی ڕژیم دەچێتە پێش. هەروەها جمهوری ئیسلامی ئێران بە جێگەی ئەوەی هێزە سەربازییەکانی خۆی بە یونیفۆرمی ڕەسمی کە بەرپرسیارەتی بۆ دروست بکات لە سەرکوت و سەرکوتکاریدا بە کار بێنێت، کەسانی بەسیجی بە جلی نافەرمی و ئاسایی بە کار دێنێت تا دواتر ئەو بانگەشەیە بکات کە خودی خەڵک ڕووبەڕووی ناڕازیان بووەتەوە. دەیەوێت هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی وەک هێزێکی خەڵکی بناسێنێت و بەرپرسیارەتی دەوڵەت لەسەر کردەوکانیان کەم کاتەوە و خۆی لەو جینایەتانە بێبەری بکات. ڕەنگە لە سەرەتا دا بەس لە مەکتەب و زانکۆکان دا بەسیج کردنی خەڵک هاسانتر بوایا، بەڵام ئێستا ئەو سیستەمە زۆر زیاتر پەرەی سەندووە. تەنانەت لە گوندەکانیش کە خەڵک بەردەوام لە سیاسەتەکانی ڕژیم خۆی پاراستووە، سیستەمی بەسیجی جوتیاری (کشاورزی) داناوە. ئەمە تەنیا بۆ ئەو ئامانجەیە کە لە هەر ماڵێک دا نوێنەرێکیان هەبێت و سیستەمی سیخۆڕیان بەرفراوانتر بکەنەوە.

بەشی بەسیجی ژنان وەک لە سەرەوەش باسمان کرد، وەک ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانە، بەڵام

کرزار

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان

خزمەت بە بەرژەوەندی دەوڵەتی رەگەزپارێزی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات. هەموو ئامانجیان ئەوەیە کە ژنان بە تایبەتی بۆ سیخۆڕی پەروەردە بکەن. بۆ گەیشتن بە ئەو ئامانجە لە دین، پیوان و پێوەری کۆمەڵگە، هەستی نیشتمان پەروەریان و هەر ڕیگەیەک کە بتوانێت خۆیان بگەیەنێتە خاڵی لاوازی تاکەکان، کەڵکی لێ وەردەگرن. ژنانی ئێرانیان لە هەموو ژنانی جیهان دابڕیوە و تەنانەت یەک خاڵی هاوبەشیان بۆ نەهێشتوون. بۆ نموونە ٨ی مارس کە ڕۆژی جیهانی ژنانە لە لایەن سیستەمی مەزهەبی ئێرانەوە گۆڕاوە بۆ ڕۆژێکی تر و هەر جۆرە چالاکی و کۆبوونەوە لەم رۆژەدا قەدەغە کراوە، هەر چەند لە بەرامبەری ئەو رۆژە جیهانی و تایبەتەی ژنان واتە ٨ی مارس، ڕێ و رەسمی تایبەت بە سیستەم و عەقڵیەتی دینی خۆی، لە ڕۆژێ تر دا ئەنجام دەدات.

دیارە کە هەمووی ئەم سیاسەتانە لەگەڵ هەموو هەوڵدانەکانیان نەیانتوانیوە لە سەر ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی ویستی جمهوری ئیسلامی ئێران کاریگەری دابنێت. لەبەر ئەوەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن پیوان و پێوەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی خۆیانن و هەروەها خاوەنی کولتورێکی جیاوازن و بە درێژایی مێژوو پێشەنگایەتی تێکۆشانی گەلی خۆیان کردووە. لە ڕاستیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگەیەکە کە هەری زۆر، هێز و پوتانسیەلی ژنی تێدایە و ژنان توانیویانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەگەلێک، یا خود لەناو حیزبەکاندا خۆیان بە ڕێکخستن بکەن. گەلێک جار دەوڵەت ناچار ماوە لە بەرانبەر ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسەتی جیاواز و قێزەونتر پەیڕەو بکات و لە ڕاستیدا بۆ بەرەنگاربوونەوە لە بەرامبەر ئەو  هێزە و وزەیە دەست بە هەر کردەوەیەک دەدەن.

لەبەرئەوە ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان باش دەزانن کە دەرفەتی مادی و جێگە و پێگەی تایبەت تەنیا سەرەتای پرسەکەیە و ئەمە زلکاوێکە کە دوای کەوتنە ناوی، هاتنە دەرەوە زۆر زەحمەت و گەلێک جاریش نامومکینە. چونکە بە گرتنی خاڵی لاوازی تاک و دواتر بە کار هێنانی ئەو لاوازیانە لە بەرامبەریان، هیچ ڕێگەیەکی دەرچوونیان بۆ ناهێڵنەوە. هەر بۆیە لێرەدا بنەماڵە، بەتایبەت دایک و باوک دەتوانن ڕۆڵی سەرەکە بگێڕن و بە ڕوون کردنەوەی ئەم سیستەمە منداڵەکانیان زیاتر ئاگادار بکەنەوە. هەروەها دەتوانن بە شیکردنەوەی ئەو ڕێبازانەی کە بەسیج

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بـۆ پەلکێش کردنـی گەنجـان بـە کاری دەهێنێـت، گەنجـان لـە کەوتنـە داوی بەسـیج بپارێـزن و هوشـیاریان بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی باشـتر ڕێبازەکانیـان بناسـن و لـە بەرامبەریـان خۆیـان بپارێـزن. هەروەهـا مامۆسـتایان کـە لـە پـەروەردەی کۆمەڵگـە دا ڕۆڵێکـی گرینگیـان هەیـە، دەبێـت ڕۆڵ و ئەرکـی ئەخلاقـی خۆیـان لـە بیـر نەکـەن و زۆر بـە باشـی بـە پـەروەردە کردنـی منداڵان و گەنجـان، کۆمەڵگـە وریـا بکەنـەوە تـا کۆمەڵگایەکـی ئەخلاقـی - سیاسـی بـە پێشـەنگایەتی گەنجـان پێـک بێنـن.

هـەر تاکێـک کـە لـە نـاو کۆمەڵگەیـەک دا دەژیـت لـە بەرامبـەر تـەواوی بەسـەرهاتەکانی کۆمەڵگەکـەی دا بەرپرسیارە. هـەر بەوهۆیـەوە دەبێـت خـۆی و کۆمەڵگەکـەی بـە باشـترین شـێوە لـە بەرامبـەر ئـەو بـێ ئەخلاقیەیـی کـە سیسـتەم بـە سـەری ئەهێنێـت، بپارێزێـت. ئـەوە دایـک و بـاوک بێـت، یـان مامۆسـتا، ڕووناکبیـر بێـت یـان هونەرمەنـد، شـاعیر بێـت یـان ڕۆژنامـەوان، پیشـەوەر بێـت یـان کاریگـەر، هـەر تاکێـک دەتوانێـت بـە هـەر ڕیگەیـەک کـە مومکێنـە خـۆی پـەروەردە بـکات و دەوروبەریشـی هۆشـیار بکاتـەوە. بـەم شـێوە کۆمەڵگەیەکـی زانـا و یەکگرتـوو پێـک دێـت کـە هیـچ هێـز و سیسـتەمێک ناتوانێـت تێکـی بـدات. هـەروەک باسـمان کـرد ڕژێمـی ئیسـلامی ئێـران بـە لاواز کـردن و پووچـەڵ کردنـی کەسایەتی ژن دەیهەوێـت سیاسـەت و سیسـتەمەکەی خـۆی بـە هێزتـر و پتەوتـر بـکات. هـەر بۆیـەش لێـرەدا بـۆ بـن خسـتنی سیسـتەمی سـەرکوتکەری ئیران کـە دەیهەوێـت لـە ڕێگـەی بـێ ئیـرادە کردنـی ژنانـەوە پلانەکانـی خـۆی لـە نـاو کۆمەڵگـە دا بەڕێـوە ببـات، ڕۆڵـی ڕێکخراوەکانـی ژنـان بـۆ پووچـەڵ کردنـەوەی ئـەم سیاسـەتە چەپەڵانـەی ڕژیـم زۆر گرنـگ و دیاریکـەرە.

کۆمەڵـگای ژنانـی ئـازادی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان (کـژار) یەکێـک لـە هێـزە بەکاریگـەرەکان لـە پێشـەنگایەتی ژنانـی ئێـران بـە گشـتی و کوردسـتان بەتایبەتـی لـە تێکۆشـانی گۆڕەپانەکانـی ئایدۆلـۆژی، سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە بەرامبـەری سیسـتەمی داگیرکـەری کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـە. کـژار لـە تێکۆشـانی چەندیـن سـاڵەی خـۆی پشـتی بـە مێـژووی تێکۆشـانی ژنان لـە ئێران و کوردسـتان بەسـتووە و لـە سـەر ئـەو بنەمایە، توانیویەتـی خـۆی بگەیێنێـت بـە خۆڕاگریەکـی بـە توانـا و هەروەهـا پێشـەنگایەتی بـۆ ئاواکردنـی بەرەیەکـی یەکگرتـوو و دیموکراتیکـی ژنـان رابـەر کـردووە. لـە هەمـوو گۆڕەپانەکانـی شـەڕ و تێکۆشـان پێشـەنگایەتی کـردووە، لـە گرتووخانـەکان بگـرە تـا کـۆڕ و

# کۆمەڵگای ژنانی ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمەڵی ڕۆشەنبیری، هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە گۆڕەپانەکانی کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی و سیاسی و هەروەها لە بواری خۆ بەڕێکخستن کردنی هێزی پاراستنی ژنان، توانیویەتی مۆرکی خۆی لەم قۆناخە مێژوویيەی ئێران و کوردستان بدات.

ئێمە وەک ژنانی کۆمەڵگای ئازاد و دیموکراتیکی رۆژهەڵاتی کوردستان - کژار بە شیکردنەوەیەکی قووڵ و بنەمایی لە مەڕ مێژووی پێشکەوتنی زێهنیەتی ڕەگەرپارێز و هەروەها پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی زانستی هاوتەریب لەگەڵ پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی خۆمان، بە پاڵپشتی توانا و باوەڕیمان بە سەرکەوتنی ئازادی، بە ورەیەکی بەرز و پێداگرانە بەردەوام دەبین لە تێکۆشان لە بەرامبەر ڕژیمی  فاشیست و زێهنیەتی ڕەگەزپارێزی ڕژیمی  ئێران. بە پێی ئەم ڕاستیە کە لە جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی لە کوردستان دا سەرکوت، دەستدرێژی و داگیرکەری بەر لە هەموو بەشەکانی تری کۆمەڵگا، لە سەر ژنان بەڕیوە دەچێت؛ پێشخستن و بەڕێکخستن کردنی ژنان لە ناو هەموو گەلان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکانی ئێران و کوردستان، وەک پرەنسیبێکی بنەڕەتی و حاشا هەڵنەگر لە تەواوی گۆڕەپانەکانی تێکۆشانی دیموکراتیک، بە ئامانج دەگرین و ڕۆژانە لە کۆمەڵگا دا پەرەی پێ دەدەین. باوەڕیمان وایە کە هەر ژن و کۆمەڵگایەک بەبێ هێزی پاراستنی جەوهەری بمێنێتەوە، وەک پارویەک بە هاسانی لە لایەن هێزە دژە ئازادی و نادیموکراتیکەکانەوە قووت دەدرێت.


WWW. KAJAR.ONLINE telegram.me/KJAR_2014 KJARDIPLOMASI@GMAIL.COM
009647708577970 FACEBOOK: Karzar Zanan INSTAGRAM: KARZAR_ZANAN